# ریفراندۆم

# چۆن وە لە پێناوی چیدا ؟

نوسینی د. بورهان أ. یاسین و د. سەردار عەزیز
٢٠١٧/٤/٤

ناوەڕۆکی باس

پێشەکی ------------------------------------ ٢
پاشخان ------------------------------------ ٢
ریفراندۆم چۆن وە لە پێناوی چیدا --------------- ٤
دەرەنجام ------------------------------------ ١١

---

## پێشەکی

ئەم نوسینە خوێندنەوەیەکی هەمە لایەنە، بۆ ڕووداوێکی سیاسی کە ئێستا کۆمەڵگەی کوردستانیی، باشوری کوردستانی سەرقاڵکردوە. ئەم خوێندنەوەیە لە خەمی ئەوەوەیە کە گشتپرسی ناتوانرێت یاری پێوەبکرێت، چونکە یاریکردن بە خواست و خەونی نەتەوەیەکەوە، زیانی گەورەی بۆ هەموان دەبێت. هەنوکەییکردن و بچوککردنەوەی ریفراندۆم، گومان لەسەر جیدییەتی ئەم هەوڵە دروست دەکات.

ئێمە ئەزموونی زۆری گەلانی ترمان لە بەردەستدایە کە چۆن ئەم ریگایەیان گرتۆتە بەر. ئێمە بە ئاگاین لە جیاوازی و تایبەتمەندیی جێگایەکی وەک کوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەلام لە ڕاستیدا ئەم جیاوازی و تایبەتمەندی و ئالۆزی و دەستتێوەردان و هەڕەشەی ئەوانی تر، وەهامان لێدەکات کە زیاتر بە ئاگایی و بەرپرسیارێتیەوە لەم پرسە بنوارین.

ئەم نوسینە دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە شایستەترین شێوازی پرۆسەی ریفراندۆم گەڕاندنەوەی سەنگ و بەهایە بۆ ئیرادەی خەڵک، بۆ دامودەزگا شەرعییەکان و نوێنەرایەتیی خەڵک. کورد و خەڵکی کوردستان شایستەی ئەوەن لە ریزی گەلانی تری دونیادابن، نوێنەرایەتی خۆیان بکەن، لە دونیادا ئامادەبن، لەم پێناوەدا خەڵکێکی زۆر گیانی بەخشیوە و ئازاری بەرکەوتووە، بۆیە بەرپرسیارێتیەکی گشتی و پڕ گرنگە.

## پاشخان

لە رۆژانی دواییدا پرسی ریفراندۆم لە باسوخواس دەرچووە، بەتاییەت بوە بە بەشێک لە بەرنامەی کاری دو هێزی سیاسی (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان). لە هەمانکاتدا بێباوەڕیی و بێمتمانەیی و بایەخ پێنەدانێک لە ناو خەڵکیدا هەستی پێدەکرێت. مەترسیی ئێمە ئەوەیە کە بەم شێوە دەستبردنەی ئەم دو هێزە، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەم پرسە ستراتیژی و هەستیارە دەکرێ ببێتە هۆی قوڵبونەوەی ئەو هەمو کێشە و قەیرانە سیاسی و ئابوری و دیپلۆماسیانەی کە هەرێمی کوردستانیان تەنیوەتەوە. ئێمە بە ئاگاین کە پارتی پێی باشە پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی لە ناوخۆی کوردستاندا نەیاری هەبێت، یان نەیاری بۆ دروست بکات، بۆ ئەوەی دواجار خۆی ئەم دو پرسە بە شێوازێکی ئاسانتر قۆرخبکات. کەواتە ئەم هەنگاوە لە پێناو ریفراندۆمدانیە، بەڵکو بە ئامرازکردنی ریفراندۆمە بۆ هەندێ ئامانجی تر.

لەمەش زیاتر دەکرێ ئەم شێوازە لە دەستبردن بە پاشەکشەیەکیش بۆ پرسی سەربەخۆیی تەواو ببێ. لە کاتێکدا پرسی سەربەخۆیی پێویستی بە ماڵێکی کوردستانیی ڕێکخراو و نەتەوەیەکی یەکڕیز هەیە، دەکرێ بە شێوازی دەستبردنی پارتی، ئێستا لە

پاڵپشتیا یەکێتی، بۆ پرسێکی هەستیاری وەک ریفراندۆم ببێ بە هۆی لەیەکترازانێکی زیاتر و قوڵتر لە پانتایی و فەزای نەتەوە و نیشتماندا. ئەم شێوازەی دەستبردنە زیاتر ئەو بۆچونە بەرجەستە دەکات کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان تا ئێستا سەرکەوتو بوە لە بە **بارمتەگرتنی پرسی سەربەخۆیی**. ئەم بە بارمتەگیرتنەی پرۆژەی سەربەخۆیی دەکرێ لە بەردەوامیدا زیان بە خودی پرۆژەکە و لێکەوتەکانی پرۆژەکە بگەیەنێت. ئەوەی کە ئەمڕۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پرسی ریفراندۆمدا دەیکات ئەو حزبە بە توندی و بە شێوەیەکی مەترسیدار دەکاتەوە بە پاشکۆی پارتی، دوای ئەوەی لە ماوەیەکدا هێمای ئەوە دەرکەوتبون کە ئیتر یەکێتی خەریکە دەبێتەوە بە خاوەن ئیرادەی سەربەخۆی خۆی. بەو شێوەیەی کە یەکێتی چوە پاڵ پارتی لە پرسی ریفراندۆمدا وە بە کردار قەبوڵی ئەو تێزەی پارتی کرد کە "ریفراندۆم پێش کاراکردنەوەی پەرلەمان دێت"، بە جددی ئەوەی بەرجەستە کرد کە پارتی تا رادەیەک لە بە بارمتەگرتنی پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆییدا سەرکەوتو بوە. ئەمەش دەرەنجام وەها دەکات کە دو پرسی هەستیار و ستراتیژی لە **پرسی هەموانەوە خەریکە بە توندی دەبێتە پرسی یەک حزب**.

لەم وتارەی بەردەستدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو دوو پرسیارە بدەینەوە کە لە ناواخنی سەردێری وتارەکەماندا هاتون. پێویستە ئەوەش بڵێین کە لە نوسینی بەشی زۆری ئەم نوسراوەی بەردەست سودمان لەو کتێبەمان وەرگرتوە کە ئێستا لە ژێر چاپدایە بە ناوی *دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان: لە ناوەوە بونیادنان، لە دەرەوە دانپیانان*.

لە سەرەتادا، وەک ئیشکالیەتێک لە پرسی بە یەکەوەگرێدانی مێژوو و سیاسەت و مامەڵەکردن بەم دوو دیاردەیە لە نەفەسێکی قۆرخکارییەوە، گرنگە ئەوە جەخت بکەینەوە کە هەندێ لایەنی سیاسی (بە تایبەتی پارتی) هەن، خوازیاری ئەوەن وەها مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ریفراندۆمدا بکەن وەک ئەوەی ریفراندۆم، وەک بیرۆکە و وەک رەوتێکی جەماوەری، هیچ مێژوییەکی نەبێت. بە واتایەکی دیکە، وەک ئەوەی بەرزکردنەوەی دروشمی ریفراندۆم و کردنی بە ئامرازێک بۆ سەربەخۆیی تەنها تەمەنی ٣-٤ ساڵ بێت و بیرۆکە و رەوتی ریفراندۆم **هیچ پێشینەیەکی مێژوویی** نەبێت.

هەڵبەتە ئەم حاڵەتەش دەربڕی کەلتورێکی سیاسی نادیمۆکراتیانەیە، وە هەر لەسەر بنەمای ئەم کەلتورە سیاسییەش دەخوازێ مێژوی پێشوتری ئەم بیرۆکەیە بسڕێتەوە بۆ ئەوەی بۆ ئەو هێزە ئاسانتر بێ کە خۆی بکات بە **خاوەنی پرۆژەی ریفراندۆم** و **لەم رێگایەشەوە ببێ بە خاوەنی پرۆژەی دەوڵەتی سەربەخۆ**. پارتی دیمۆکراتی کوردستان و مەسعود بارزانی رێک بەو شێوازە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی ریفراندۆمدا دەکەن. ئەمە جۆرێکە لە سڕینەوەی یادەوری و مێژوو، بۆ دەستپێکردنێکی نوێ، بۆ دروستکردنی پاڵەوانی تایبەت، یان کردنی مێژوو بە **موڵکی تایبەتی لایەنێک و کەسێک**.

هەر لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە بیرۆکەی ریفراندۆم کۆنە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا و هەر لە سەرەتای ١٩٩٠کانەوە وەک ئەلتەرناتیڤ بۆ خەباتی چەکداری باسی لێوە کراوە. زۆر بە تایبەتیش ئەو بزاوتەی ریفراندۆم کە هەر زوو دوای کەوتنی رژێمی بەعس سەری هەڵدا زۆر پڕ بایەخ و پڕ مانا بوو و کۆمەڵێک دەسکەوتی گەورەی هەبوو. هەر نەبێ یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو بزاڤی ریفراندۆمە ئەنجامدانی "ریفراندۆمی ناڕەسمی"[1] بوو، کە هاوتەریب لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٢٠٠٥دا بەڕێوەچوو.

## ڕێفراندۆم چۆن وە لە پێناوی چیدا

ریفراندۆم بریتیە لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی وەڵامی پرسیارێک لە لایەن خەڵکانێکەوە لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو. بەم پێیە پرۆسەی ریفراندۆم بریتیە لە ریگایەک بۆ ئەوەی بزانرێت خەڵکێک چیان دەوێت، یان چ جۆرە وەڵامێکیان هەیە بۆ پرسیارێک. پرسیارەکە لە سەر ئەم بنەمایە پێویستە پرسیارێک بێت کە خەمی گشتی بێت، **هەتا هەموان لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئەو وەڵامە هەڵبژێرن کە بە لایانەوە گونجاوە.** بەم شێوەیە هەر پرسیارێک لە رێگای ریفراندۆمەوە، کە جۆرێکە لە دیموکراتی ڕاستەوخۆ، وەڵامی وەربگیرێتەوە، ئەوا مانای وایە وەڵامەکەی لە لایەن خەڵکەوە **شەرعیەتی** پێبەخشراوە. هەروەها پرۆسەکە بەناوی خەڵکەوە ئەنجام دەدرێت. ئەنجامدانی ریفراندۆم بە گشتی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە خەڵک سەروەرە، ناوەندێکە بۆ تێپەڕاندنی، یان شەرعیەتپێدانی، پلانێک.

ریفراندۆم، بە پەیوەندی لەگەڵ بابەتی کێشەی نەتەوەیی و یەکلاکردنەوەی کێشەیەکی ئەوها، دیوی دیکەی مافی چارەی خۆنوسینە. بەم واتایەش، ریفراندۆم ئەو میکانیزمەیە کە لە ریگایەوە مافی چارەی خۆنوسین بە کردار پیادە دەکرێ، بۆ یەکلاکردنەوەی خواستی گەلێک لەمەڕ دوارۆژ و چارەنوسی.

بەڵام ریفراندۆمی کوردستان جیاوازە، یان دەبێت جیاوازبێت. چۆن جیاوازە، یان بۆچی دەبێ جیاواز بێت؟بەڕای ئێمە گەر ریفراندۆم تەنها هەولێک بێت بۆ زانینی وەڵامی خەڵک بۆ پرسیارێک و لە کوردستانیشریفراندۆم بۆ زانینی وەڵامی پرسی سەربەخۆیی بێت، **ئەوا وەڵامی پرسیارەکە لە ئێستاوە بە گشتی دیارە.**

لە راستیدا، هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، ساڵی ٢٠٠٥ خەڵکی باشوری کوردستان بە زۆرینەی رەها دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا. کەواتە ئەم پرسیارە بە هەر جۆرێک بکرێ هەر لە ئێستاوە، کەم یا زۆر، وەڵامەکەی زانراوە. تەنانەت دوای ئەم هەمو

---

[1] بۆ یەکەم جار چەمکی "ریفراندۆمی نارەسمی" لە وتاریکی (بورهان یاسین)دا پێشنیارکراوە دواتر ئەم ریفراندۆمە "نارەسمییە" هاوتەریب لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ٢٠٠٥دا ئەنجامدرا. بڕوانە یاسین، د بورهان "رەوتی ریفراندۆم لە کوێوە بۆ کوێ،" *عێراقی دوای سەددام و چارەنوسی باشوری کوردستان*، لاپەڕە ٤١-٧٧.

بێزاری و ناڕەزاییەتیانەی خەڵکیش بە تایبەتی لە ٣-٤ ساڵی دواییدا، دەکرێ ئەمجارەیان ڕێژەیەکی کەمتریش بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ٢٠٠٥ دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن، ئەوە جگە لەوەی کە دور نییە ئەسلەن ئەم ریفراندۆمە وە بەو شێوازەی کە پارتی و بارزانی کاری لەتەکدا دەکەن گۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دابەشی دو ئۆردوگای دژ بە یەکیش نەکات!

ئێمە ئێستاش پێمان وایە ئەگەر مەبەست تەنها زانینی هەڵوێستی خەڵکی لە باشوری کوردستان بێت لەمەڕ مەسەلەی سەربەخۆیی، ئەوا دەکرێت لایەنەکان بگەڕێنەوە بۆ دەرئەنجامی ئەو ریفراندۆمە کە لە ٢٠٠٥ کرا کە تیایدا، زیاتر لە ٩٨% خەڵکی کوردستان دەنگی بۆ سەربەخۆیی و جیابونەوەی باشوری کوردستان لە عێراق دا.[2] لە لایەکی ترەوە لەوەدەچێت کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان و بارزانی خوازیاری ئەوەبن کە گەڕانەوە نەکرێ بۆ ریفراندۆمەکەی ٢٠٠٥ وە لە ریفراندۆمێکی نوێدا، کە خۆیان (واتە پارتی و بارزانی) بانگەشەی بۆ دەکەن و وەک **خاوەنی** دەردەکەون، خەڵک دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدات. ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە ئەویش ئەوەیە کە ریفراندەمەکەی ٢٠٠٥ هی بارزانی و پارتی نەبو بەڵکو **هی هەمو خەڵکی کوردستان** بو. بە مانایەکی تر، ئەگەر بەو شێوەیەی کە پارتی دەیخوازێ، ئەوا ریفراندۆم (دواتر سەربەخۆییش) ئەگەر بە تەواوەتیش نەبێتە موڵکی پارتی و بارزانی، ئەوا بێگومان بە توندی مۆری ئەو حزب و ئەو کەسە دەکەوێتە سەر ئەم دو پرسە. ئەمەش دەرئەنجامی زۆری لێدەکەوێتەوە، کە بۆ هەنوکەی سیاسەت و سیاسەتکردن مەترسیدارن و بۆ داهاتوش ئاسەواری مەترسیدار بەجێدەهێڵن. دەکرێ هەموان هەر لە هەنوکەدا بپرسن ئایا دەستبردنی بارزانی و پارتی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی بەو شێوازەی کە خۆیان دەیکەن هەوڵێکی جددی نییە هەر لە هەنوکەدا بۆ **قۆرخکردن و داگیرکردنی دواڕۆژ**؟ ئەگەر ئێمە هەر لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارەمان دابایەوە، ئەوا وەڵامەکەی بە بەڵێ دەبوو!

---

[2]لە راستیدا ئەو کاتە پارتی و یەکێتی، ئەگەر چی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان هاندا بۆ دەنگدان بە سەربەخۆیی بەڵام هەرگیز ریفراندۆم نەبوە سیاسەتی رەسمی ئەو حزبانە. نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەم دو حزبە، راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، رۆڵی شکستپێهێنانیان بەو بزاڤەی ریفراندۆم دا کە دوای کەوتنی دکتاتۆر سەریهەڵدا. لە باشترین حاڵەتیشدا ریفراندۆم لە لایەن یەکێتی و پارتیەوە خرایە خزمەت پرۆژەی فیدراڵییەوە. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە کە لە دیدارێکدا لەگەڵ مەسعود بارزانی لەگەڵ چوار هاوڕێی تریدا (بورهان یاسین) لە سەرەتای مانگی ١ی ٢٠٠٤دا، رو دەکاتە بارزانی و پێی دەڵێت "کورد لە ژێر لوتکەیە، پاڵێکی ماوە بۆ سەر لوتکە، جەنابت و مام جەلال، پارتی و یەکێتی بەرپرسن لەو پاڵە بۆ سەر لوتکە، باشترین ئامرازیش بۆ ئەو پاڵە بۆ سەر لوتکە، ریفراندۆمە." پێویستە، تەنانەت گرنگیشە، کە ئەوە وەبیر بخەینەوە بارزانی لەو کاتەدا لەسەر ئەم قسەیە کە ئاراستەی کراوە هیچ کۆمێنتێکی نەبوە. دواتر بورهان یاسین لە نامەیەکی کراوەدا کە لە ٢٠١٣/٧/٦دا بۆ بارزانی ناردوە ئەو روداوەی بیر دەخاتەوە. مەبەستیش لە گێڕانەوەی ئەم روداوانە ئەوەیە بڵێین کە کاتێک ئەوانی تر باسی گرنگی ریفراندۆم و سەربەخۆییان کردوە، ئەوا بە لای پارتی و بارزانییەوە گرنگ نەبوە، بەڵام هەر کاتێک ئەوان باسی ریفراندۆم و سەربەخۆییان وەک ئەوەیە پێش ئەوان کەسی تر و هیچ هێزێکی سیاسی تر و هیچ رێکخراوێکی تر باسی ئەم مەسەلەیان نەکردبێ. بۆ هیچکردن و پەراوێزخستن و بە نادیدەگرتنی ئەوانی تر و خەباتیان لە هەنوکەی سیاسەتدا پێویستیت بەوەیە کە ئەم کەس و هێز و رێکخراوانە لە مێژودا بسڕێنەوە، هەمو ئەمەش بۆ بە ئاسانی دەستگرتن بەسەر دواڕۆژدا.

به بۆچونی ئێمە گەڕانەوە بۆ ریفراندۆمەکەی ٢٠٠٥ دەکرێ و زۆر سود و لایەنی پۆزەتیڤیشی هەیە. یەکێک لەو سودانە ئەوەیە کە بە زیندوکردنەوەی دەنگی زیاتر لە ٩٨%ی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی تەمەنی نیشانەی پرسیار لەسەر دەوڵەتی عێراقی دوای سەددام زۆر درێژتر دەکاتەوە بۆ دواوە و نیشانەی پرسیار لە بری دانانی لەو کۆتاییەی کە ئێمەی تێداین (٢٠١٧)، نیشانەی پرسیارەکە دەباتە دواوە بۆ چوارگۆشەی ژمارە یەک (واتە رۆژانی ٢٠٠٣-٢٠٠٥). بەم واتەش بە گەڕانەوە بۆ راپرسیەکەی ٢٠٠٥ دەکرێ بە تایبەتی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگوترێ کە **کورد هەر لە سەرەتاوە رازی نەبوە ببێتەوە بە بەشێک لە عێراق، بەڵام بە هەر حاڵ، دژ بە خواستی خۆی، دیسانیش کرایەوە بە بەشێک لەو دەوڵەتە.** بە مانایەکی دیکە ئەو کاتە خەڵک (بە تایبەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی) ئەوە باشتر دەزانێ کە خەڵکی باشوری کوردستان هەر زوو، لە سەرەتادا (واتە لە ٢٠٠٥) نیشانەی پرسیاری جددی خستە سەر حیکمەت و سەرکەوتویی پڕۆژەی دەوڵەتی عێراقی-یەکبوو، هەر ئەو کاتەش کورد خواستی خۆی بۆ جیابونەوە لەو پڕۆژەیە دەربڕی، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوێی لەو دەنگە نەگرت! لە لایێکی ترەوە دەتوانین هەر لێرەشدا ئەوە بپرسین ئایا کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گوێی لەو دەنگی ٩٨٪ە نەگرت، ئەی سەرکردایەتی ئەو کاتەی کورد چی؟ ئەگەر ئەو کاتە سەرکردایەتی کورد گوێی لەو دەنگە (واتە دەنگی زیاتر ٩٨%ی خەڵکی کوردستان) گرتبێ ئەی چی لەو دەنگە کرد، چۆن کاری لەتەکدا کرد،کە گوێشی پێ نەدا، بۆ گوێی پێ نەدا؟

هۆیەکی تر، وەک بەهانە، بۆ گەڕانەوە بۆ ریفراندۆمەکەی ٢٠٠٥ ئەوەیە کە ئەو ریفراندۆمە هی هەموو خەڵکی کوردستان بو، کورد لەوێدا یەک دەنگ، یەک هەڵوێست و یەک بڕیار بو؛ تیایدا بێلایەنەکان و کۆمەڵگای مەدەنی و لایەنگرانی هەموو حزبەکان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، ئەگەرچی لە روی رەسمییەوە حزبەکان لەگەڵ سیستمی فیدڕاڵیدا بون! بەڵام ئاشکرایە کە ئەو ریفراندۆمەی ئەمڕۆ پارتی بانگەشەی بۆ دەکات، نەک هەر یەک دەنگ و یەک هەڵوێست و یەک بڕیاربون پشتڕاست ناکاتەوە، بەڵکو رێک پێچەوانەکەی، واتە پەرتەوازەیی پشتڕاست دەکاتەوە. جگە لەمە، هەمو ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە بانگەشەی پارتی بۆ ریفراندۆم لەمڕۆدا لە باشترین حاڵەتدا بۆ خۆ دزینەوەیە لە کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی کەڵەکەبو، کە گرنگترینیان قەیرانی شەرعیەتی سیاسی و غیابی دەسەڵاتی دەزگا شەرعییەکانە. تەنانەت دەکرێ بڵێین بەو شێوازەی پارتی دەست بۆ ریفراندۆم دەبات و لە رۆژانی دواییشدا یەکێتی پشتگیری لەو شێوە دەستبردنە کرد، ئەوا لێکەوتەیەکی راستەوخۆی ئەو شێوازە لە دەستبردن بەرجەستەکردنی ناشەرعیەت دەبێت و قوڵبونەوەی ئەو برینەیە لە جەستەی نەتەوەدا کە پێیدەگوترێ " ناڵاندان بەدەست برینی ناشەرعیەتەوە".

جگە لەوەش مەترسی هەیە کە لە دۆخێکی ئەوهادا دەستبردن بۆ ریفراندۆم بە ئەنجامی پێچەوانە تەواو ببێ، ئەگەر بێت و پارتی بەردەوام بێت لەو گوتارەی کە دەخوازێ بلێ ئێمە ریفراندۆم دەکەین، ئەوانی تریش "کەیفی خۆیانە"، واتە ئایا ئەوانی تر لەگەڵ ریفراندۆم دەبن یا نا. ئەوەتا مەسعود بارزانی زۆر راشکاوانە دەخوازێ وای پیشان بدات کە خەمی هەرە گەورەی ئەو سەربەخۆییە و بە لاشیەوە گرنگ نییە هێز و لایەنەکانی دیکە لەسەر ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ئەودا کۆکن یا نا، کاتێک بارزانی دەڵێت "بەنیسبەت منەوە ئەولەویەت سەربەخۆیی کوردستانە ئەوەی لەگەڵیدایە باشە، ئەوەی هەڵوێستی تریشی هەبێت کەیفی خۆیانە."[3]

بە مانایەکی دیکە ئەمڕۆ مەترسی هەرە گەورە لەسەر ریفراندۆم ئەم گوتارە تاکلایەن و لوتبەرزیەیە، کە پارتی نوێنەرایەتی دەکات و رۆژانە لە کار و کاردانەوەکاندا بەرجەستەی دەکات؛ گوتارێک نەک هەر بێ باکە لەوەی کە ریفراندۆم **بکرێ بە شانازیی هەموان یان نا**، بەڵکو رێک کار بۆ ئەوە دەکات کە **ئەو شانازییە تەنها بە خۆی و بارزانی ببڕێ، واتە خۆیان خاوەنی ئەو شانازییە بن**! یەکێتیش لە باشترین حاڵەتدا ئامرازێکە لەم ئاراستە مەترسیدار و ناتەندروستەدا.

ئێمە ریفراندۆمێکی تەندروست و گشتگیر لە روی پشتگیری سیاسییەوە وەها دەبینین کە بریتیە لە پرۆسەیەک کە کۆمەڵێک رەهەند لەخۆ بگرێ کە گرنگترینیان:

١) لە روی ناوخۆییەوە دەبێ ریفراندۆم ئەو ئامرازە بێت کە هەمو خەڵکی کوردستان تێکەڵاو دەکات بە پرۆسەی بەرەو سەربەخۆیی و بەم مانایەش بریارەکە هی یەک یا دوو حزبی سیاسی نەبێت؛ **بەڵکو هی هەموان بێت**. دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە بەرهەمی بریار و ئیرادەی هەموان بێت وەها دەکات کە هەمو خەڵک ئامادەبێت بۆ ئەوەی بەرگری لە دەوڵەتەکەی خۆی بکات، چونکە بە ئیرادی ئەو، ئەو دەوڵەتە دامەزراوە، وە ئەم دەوڵەتە دەربڕی ئیرادەی حزبێک و سەرکردەیەک نیە، بە تایبەتی سەرکردەیەک کە هەمو شەرعیەتی یاسایی لە بونی دەسەڵاتیدا لە ٢٠ ئۆگوستی ٢٠١٥وە بە تەواوەتی لە دەستداوە؛

٢) پیشاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە شێوەیەکی دیموکراسیانە، کە خواستی زۆرینەی زۆری خەڵکی کوردستان چیە و چی دەوێت لە مەسەلەی پێکەوەژیان یان جودابونەوە لە عێراق. چونکە ئەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە کە دەبێت بزانن کە خەڵکی کوردستان چی دەوێت و چۆنی دەوێت. بەڵام بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان بە هێند وەربگرێت، دەبێت ئەم **هەنگاوە لە کۆمەڵێک بنەماوە** سەرچاوەی گرتبێت:

---

[3]http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=36987&Jor=1(8/9/2016)

**یەکەم**، شەرعیبونی داواکە بەو مانایەی کە پێویستە پرسیاری داڕێژراو بۆ ریفراندۆم لە لایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر بدرێت. خستنەڕوی پرسیارەکە لە پەرلەمانەوە بە دەنگی زۆرینە، پرسیارەکە بەبێ هیچ گومانێک دەکاتە پرسیاری نوێنەرانی خەڵک و هەر زوش راوەیەتییێک بەو داواکارییە دەبەخشرێ کە لە روی ناوەوە و دەرەوە گرنگە وەک بەهانەیەکی سیاسی؛

**دووەم**، پێویستە کۆمیسیونێکی باڵای هەڵبژاردن هەبێت وە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم؛

**سێهەم**، پێویستە هەوڵبدرێت کە چاودێری بیانی بۆ چاودێریکردنی ریفراندۆمەکە مسۆگەر بکرێت، ئەمەش کاتێک دەبێت کە دو خاڵەکەی سەرەوە ئەنجام درابێت؛

**چوارەم**، دەبێت ڕۆژنامەنوسانی بیانی، لە هەمو کونجێکی دونیاوە، بهێنرێن هەتا زۆرترین ڕومالّی روداوەکە بکرێت لە میدیاکانی جیهاندا. چونکە ساتێکی وەها تەنها ساتی بەڕێوەچونی ریفراندۆم نیە، بەڵکو **ساتی گێڕانەوەی چیرۆکی کوردە بۆ دونیا**، چیرۆکێک کە پێداویستیەکی سەرەکیە بۆ هەنگاوی پاش ریفراندۆم، کە بریتیە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی دانپیانان بۆ ئەو سەربەخۆییە. بەپێی ئەم چیرۆکەش پێویستە بەرهەمی سەربەخۆیی، بەر لە هەر شتێک، جیاوازیی بێت لە ژیانی خەڵکدا بۆ باشتر، ئەگەر نا سەربەخۆیی بۆ چییە؟ کە دەشڵێین "ژیانی باشتر" ئەوا نابێ ئەو ژیانە باشترە لە ناوەڕۆکی مادییانەی چەمکەکەدا قەتیس بکرێت، بەڵکو بگرە لایەنە مەعنەوی و سیاسییەکانی ئەو ژیانە باشترە گرنگتریشن لە لایەنی مادیی: ئازادییەکان، فەزای گشتی وەک فەزای هەموان، شەرعیەتی دیمۆکراسی، باڵادەستی یاسا، پارێزراویی کەرامەتی مرۆڤەکان (بە هەمو مانا و ڕەهەندەکانییەوە) و زۆر رەگەزی تری گرنگ کە گرنگن بۆ دواڕۆژی سەربەخۆیی. لەبەر ئەوەش هەر هەنوکە و هەر ئێستا پێویستە ئەم رەگەزانەی ژیانی باشتر بەشێکی گرنگ بن لە خەمی گشتی بۆ مەسەلەی ریفراندۆم. ئاخر سەربەخۆیی بێ ئازادیی مرۆڤەکان سەربەخۆیی نییە، بەڵکو شتێکی ترە... ئەزمونی وڵاتانی عەرەبی و ناوچە پێمان ئەڵێ کە ساڵانێکی زۆر بە بەهانەی پاراستنی سەربەخۆیی، ئازادییەکانی مرۆڤەکان بنپێکران، وە لە پێناو ئاسایشی دەسەڵاتداران ژیانی تاکەکان بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و ترس و تۆقاندندا بو...

**پێنجەم**، دیارە کاتێک ئێمە خۆمان بۆ دونیا بەیان دەکەین، دەبێت ئەوەندە هەوڵمان دابێت ماڵی خۆمان یەکبخەین کە لە کاتی ڕومالّی بویەری ریفراندۆمدا دونیا ئەو چیرۆکە ببیستێت کە سیستمی سیاسی ئێمە هیچ نەبێت "باشترە" لە سیستمی سیاسیی دەوروبەرمان: ئەگەر نا جیابونەوە لێیان بۆ؟ دەبێت کورد ئامادەبێت بۆ پرسیاری میدیکارانی جیهانی و دیپلۆماتکاران ئایا جیابونەوە بۆ، ئەگەر بۆ باشتر و لە پێناو باشتر نەبێت، ئەی بۆچی؟

دیارە ئەوەی ئەمڕۆ پارتی و لە پاڵیشیدا یەکێتی (بە ئیرادەی خۆی یا هەر هۆیێکی تر) کاری بۆ ئەکەن بەم پەلەکردن و بازدانە بەسەر قۆناغ و کێشەکاندا، هێمای هەڵە بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەدات. بەم مانایەش پێویستە ئاماژە هەبێت کە ئێمە ئاراستەی سیاسیمان گۆڕیوە لە **ئێستای خەراب بۆ داهاتویەکی باشتر وە لەم پێناوەشدا هەر ئێستا و هەنوکە هەنگاوی بە کردار دەهاوێژین، لە پێش هەموشیانەوە کاراکردنەوەی پەرلەمان.** بەم واتایەش بۆ بەدەستهێنانی متمانە و بڕوای ئەوانی تر (بە میدیاکار و دیپلۆماتکارانەوە) بە چیرۆکی ئێمە و مسۆگەرکردنی پشتگیرییان ئەوا دەبێ هەنگاوێکی بەرچاو و گرنگمان بە ئاراستەی باشترکردن و تەندروستکردنی دەسەڵاتی خۆماڵی هاوێشتبێ و ئەوانی تر ئەو هەنگاوانەیان بە چاوی خۆیان بینیبێ و لە ڕۆژی ریفراندۆمدا هەست بە دەرنجامەکانی بکەن؛

**شەشەم**، کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان، بە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان. سەرۆکی پەرلەمان لە ناو پەرلەماندا و لە ***پرۆسەیەکی پەرلەمانیدا***، کە تیایدا **پەیرەوپرۆگرامی پەرلەمان پێوەرە**، ئامادە بێت و هاوکار بێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان.

٣) پێویستە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەسەر دو شت یا دو پرۆژەی ستراتیژی وەک نەخشە ڕێگا ڕێکبکەون:

یەکێکیان ڕوو لە دەوڵەتی عێراق، کە لەسەر بنەمای "**پێداچونەوەیەکی** مێژوویی و گشتگیر و ستراتیژی" بێت لەمەڕ پەیوەندیی نێوان گەلی کوردستان و عێراقی عەرەبی، وە دوەمیشیان پرۆژەیەکی گشتگیر بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتییانە و گشتگیرانە بۆ کێشەکانی هەرێم. ئەوەتا لە چەند مانگی ڕابردودا هەردو پێکهاتەی سوننە و شیعەی عەرەبیی عێراق، لە دو نەخشە ڕێگای دورودرێژ و جیاوازدا، ڕوئیای خۆیان بۆ عێراقی داهاتو خستەڕو، کە بە هەردوکیشیان (جا بە یەکەوە یا هەر یەکەیان بە جیا) مەبەستیانە نەک هەر ڕێگا بە کورد بگرن لە بەدەستهێنانی ئەوەی کە هێشتان بە دەست نەهاتوە، بەڵکو ڕێک (ئاشکرا یا شاراوە) مەبەستیانە ئەوەشی لێ بسەننەوە کە بەدەستی هێناوە!

نەبونی نەخشەڕێگایەکی نیشتمانیی کوردستانی کە بتوانێ دەنگی هەمو هەرێمی کوردستان بێت، کێماسی و نوقسانییێکی مەترسیدارە. گرنگە ئەوەش بڵێین کە کۆی ئەم دو پرۆژەیە باشترین و شایستەترین شێوازی گوتار و ڕەفتارە ڕوو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی: کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە جوانی کورد و ئەزمونەکەی دەبینێ، ئەگەر چی هەندێک لە سەرکردە کوردەکان وەها هەڵسوکەوت دەکەن وەک ئەوەی هەڵسوکەوتەکانیان نەبیرێ و هەڵسەنگاندنی بۆ نەکرێ. لە لایێکی ترەوە بێدەنگی، یا لە باشترین حاڵەتدا کەمدەنگی ئەوان (واتە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی) لەمەڕ عەیب و نوقسانییەکانی سیستمی سیاسی هەرێم، لەبەر ئەوە نییە کە ئەو نوقسانیانە نین یا نایانبینن، بەڵکو لەبەر خاتری

شەڕێکە کە کورد بۆیان دەکات. باجی ئەو بێدەنگییە یا کەمدەنگییەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هەر کورد خۆی دەیدات، بەوەی کە لەبەر خاتریی سەرخستنی شەڕ دژی داعش دەبێ خەڵکی کوردستان بە کڵۆلّی و عەیب و کێشەکانی سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لە هەموشی گرنگتر لەکەداربونی شەرعیەت، رازیبن.

ئێمە وەها دەبینین کە پڕۆسەی ریفراندۆم دەبێ بە شێوەیەکی شایستەتر، لەوەی کە ئەمرۆ پارتی و یەکێتی دەیکەن، کاری لەتەکدا بکرێت، ئەگەر مەبەستە ریفراندۆم ببێتە ئامرازێک بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ، **دەوڵەتێک کە لە هەموانەوە بێت و بۆ هەموان بێت**، هەموان شانازی پێوە بکەن، نەک دەوڵەتێکی بە موڵککراوی حزبێک، خێزانێک یا تاکە کەسێک. بەم مانایەش پێویستە رێککەوتن بکرێ لەسەر ئەوەی کە:

أ) پرسی ریفراندۆم ببرێتە ناو پەرلەمان و لەوێدا ئەم پرسە کاری لەتەکدا بکرێت. لە رێگای دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە ریفراندۆم، کە تیایدا بۆ نمونە ئەوە یەکلابکرێتەوە کە ئایا ریفراندۆم (بە گشتی هەر ریفراندۆمێک کە لە کوردستان دەکرێ) "راوێژکارییە" واتە تەنها **هێزی راوێژی هەیە** و بەس، واتە دوا بڕیار دەبێتە هی پەرلەمان، یا ئەوەتا ریفراندۆم "بڕیاریی و مولەزیمە،" واتە **دەرهاوێشتەی ریفراندۆم یەکسەر دەبێتە بڕیار و پەرلەمان ناتوانێ رێگری لەو دەرەنجامە بکات**... ئەمە و زۆر پرسی تری یاسایی وەک ئەوەی ئایا ئێمە چ جۆرە ریفراندۆمێک دەکەین: ریفراندۆمی رەسمی لە روی نێونەتەوەییەوە (واتە بە ئامادەیی کۆمەڵگەی نیونەتوەیی، بە تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکە)، یا ریفراندۆمی نارەسمی (وەک ئەوەی لە ٢٠٠٥ لە هەرێمی کوردستان کرا)؛

ب) پێویستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان (هەڵبەتە هی کوردستان) بە تەواوەتی ئامادەبێت بۆ سەرپەرشتیکردنی هەر هەڵبژاردن و ریفراندۆمێک؛

ج) پێویستە پرسی چارەنوسی ناوچە دابڕێنراوەکان، پێش پرسی ریفراندۆم لە پەرلەماندا یەکلا بکرێتەوە، ئەگەر نا هەر نەبێ بەرەو روی ئەو پرسە گرنگ و پڕ کێشەیە دەبینەوە کە ئایا چۆن دەکرێ ئەو ناوچانە بێبەش بکرێن لە مافی بەشداری لە ریفراندۆمێکی چارەنوسسازدا بۆ هەرێم، کە دەربارەی سەربەخۆییە؟ وە ئایا ئەگەر، بە پێچەوانەوە، ئەو ناوچانە بەشداری بکەن، بەر لەوەی لە روی یاساییەوە گەڕابنەوە سەر هەرێم، چی دەبێت و چی رودەدات؟ پرسیاری هەرە گرنگیش لەو بارەیەوە ئەوەیە ئایا ئەم شێوازە لە ریفراندۆم (واتە ریفراندۆم بەبێ ناوچە دابڕێنراوەکان، یا بەو ناوچانەوە بەر لە چارسەرکردنی کێشەیان) پڕ نابێت لە کێشەی جددی، یەکێکیش لەوانە **رادەی رەوایەتی یا نارەوایەتی** ئەو ریفراندۆمەی کە بۆ سەربەخۆیی تەواوی باشوری کوردستان دەکرێت، بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە. هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە لە روی قەبوڵکردن یا رەفزکردنی دەرهاوێشتەی ریفراندۆم لە روە نێونەتەوەییەکەیەوە زۆر گرنگە؛

د) لەسەر بنچینە و پرەنسیپی ئەوەی کە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، بەبێ جیاوازی، پرسی هەمو هێزە سیاسییەکان، پێکهاتەکان، توێژە جیاجیاکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و هەمو تاکەکانە، ئەوا پێویستە ژورێکی سیاسی-یاسایی (وەک پێشنیار، بە ناوی ئەنجومەنی باڵای پرسە نیشتمانی و ستراتیجییەکان) بۆ پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم پێکبهێندرێ و نوێنەرانی سیاسی لە ئاستی هەرە بەرز و نوێنەری فراکسیۆنەکان (باشتریش وایە سەرۆک فراکسیۆنەکان) تیایدا بەشداربن. ئەم ژورە کار لەگەڵ هەمو رەهەندەکانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بکات، وەک رەهەندی عیراقی و ئیقلیمی، پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، پەیوەندییە گشتی و جەماوەرییەکان و راگەیاندن و رای گشتی. بەم پێیەش هیچ هێز و لایەنێک لەم پرسەدا نابێ بەبێ هێز و لایەنەکانی دیکە هیچ هەنگاوێکی تاکلایەنە لە مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆییدا بهاوێژێت و راگەیاندنی ئەوها بدات کە کاریگەری بخاتە سەر کاری ئەنجومەنی باڵای پرسە ستراتیژییەکان. شتێکی باش و پێویستیشە پێکهاتەکانیش لە ژورێکی ئەوهادا نوێنەرایەتییان هەبێت.

## دەرەنجام

لەم نوسراوەدا هەوڵماندا وەڵامی دو پرسیاری لەیەکدانەبراو لەمەڕ ریفراندۆم بدەینەوە. سەرەتا گەیشتوینەتە ئەو دەرنجامەی کە بێمێژووکردنی بیرۆکە و رەوتی ریفراندۆم و لە هەنوکەدا و وەها وێناکردنی وەک ئەوەی کە هێزێکی سیاسی خاوەنی ئەم بیرۆکەیە بێت، کێشەیەکی جددییە. ئەوە جگە لەوەی کە مێژو لە ئەوانی تر دەسەنێتەوە، رێگاش دەگرێ لەوەی کە، بۆ نمونە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ریفراندۆم لە ئەمڕۆدا، دەست ببرێ بۆ بژاردەی گەڕانەوە بۆ ریفراندۆمە نارەسمییەکەی ٢٠٠٥ کە تیایدا زیاتر لە ٩٨٪ خەڵکی کوردستان دەنگی بە سەربەخۆیی باشوری کوردستان دا، لە جیاتی ئەوەی کە ریفراندۆمێکی نوێ بکرێ.

لە پرسی ریفراندۆم لە پێناو چیدا، هەوڵمانداوە کە مەترسی ئەوە ببینین و جەختی لێ بکەینەوە کە ریفراندۆم لە بری ئەوەی وەک ئامرازێک کاری لەتەکدا بکرێت کە مەبەست لە بەکاربردنی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی هەموان بێت، بوەتە ئامراز لە دەستی هێزێکی سیاسی کە مەبەست لە بەکاربردنی بۆ کۆمەڵێک شتی ترە کە دەکرێ لە بەجێگەیاندنی، بەم شێوەی کە ئەو هێزە دەخوازێ، تەواوی خەون و پرۆژەی سەربەخۆیی بخاتە مەترسیی جددیەوە و تەواوی پرۆژەکە بە لارێدا ببات بەرە و هەڵدێرێکی زۆر مەترسیدار و تەنانەت لەباریشی ببات.

لە وەڵامی پرسیاری چۆن، واتە ریفراندۆم بە چ شێواز و تەرتیبێک، ئێمە بڕاوامان وایە کە رۆیشتن بەرەو ریفراندۆم لە وێستگەی گەڕانەوە بۆ شەرعیەت دەست

پێ دەکات، گەڕانەوەیەک کە وەها دەکات ریفراندۆمەکە **هی هەموان بێ**، شانازیی ئەنجامدانی بە هەموان ببڕێ و ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەشی لەو جۆرە ریفراندۆمەی هەموان دەکەویتەوە، ببێ بە دەوڵەتی هەموان، دەوڵەتی ئازادی هەموان، ئەو ئازادییەی کە ناوەڕۆکە هەرە تەندروستەکەی سەربەخۆیی پێک دەهێنێ. لەم حاڵەتەشدا، ریفراندۆم و سەربەخۆیی شەرعیەتێکی تریش وەردەگرێت، کە ئەویش **شەرعیەتی جیاواز بونە لە ئەزمونی دەوڵەتە شکستخواردو و نادیموکراتەکانی دەوروبەر**. لە هەمان کاتدا سەربەخۆیی بێ ئازادیی هەموان، مانای دوبارەکردنەی ئەزمونی تاریک و شکستخواردوی وڵاتانی عەرەبی و دەوروبەر دەگەیێنێ، ئەزمونێک کە تیایدا بەردەوام، بە بەهانەی پاراستنی سەربەخۆیی نەتەوە و نیشتمان، ئازادییەکانی تاکەکان بنپێ کراون و ئاسایشی دەسەڵاتداریش لە ڕێگای ترس و تۆقاندن و نائاسایشی تاکەکانەوە زامن کراوە.

**تکایە بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە بە شێوازی پی دی ئێف کلیک لەسەر ئەم پەیوەندییە بکە:**
[http://burhanyassin.com/Rifrandom%206.pdf](http://burhanyassin.com/Rifrandom%206.pdf)